## زانیاریه بنەماییەکان بۆ داواکەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی لە یۆنان

داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتی ئەو بێگانەیە، یان ئەومرۆڤەیە کەوا ناسنامەی هیچ وولاتێکی نیە،کەوا بە شێوەی زارەکی یان بە نووسین لە هەر دەستەڵاتێکی یۆنانی داوای پەنابەریێتی دەکات، یانیش داوا دەکات سنووورداش نەکرێتەوە لەبەر ئەوەی ترسی لەناوبردنی هەیە لەبەر هۆکارەکانی : هۆز،ئایینی، نەتەوەیی ،بەشداری کردنی لە کۆمەڵەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندا یان بیروڕای سیاسی، یاخود مەترسی هەیە لە تووشبوونی زیانی جددی لە وولاتەکەیی خۆی یانیش ئە وولاتەی کە لێی دا دەژیا، بەتایبەتی لەبەرئەوەی لە مەترسی دایە بە سزای مەرگ یان سێدارە بگات ، یان تووشی ئەشکەنجەدان یان هەڵسوکەوتی دڕندانە یان ئابڕووبەرانە ببێتەوە یان ژیان و سەلامەتی لەمەترسی دایە بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانی نێودەوڵەتی یان ناوەخۆ.
ئەو بێگانەیەش بە داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتی دادەنرێت کەوا دێتە ناو یۆنان بە پێی جێ بەجێ کردنی یاسای << دبلن >>.[1](١)

**داوانامەی پاراستنی نێودەوڵەتی : لە کوێ و چۆن پێشکەشی دەکەن**
- ئەو دەستەڵاتە بەرپرسانە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریەکەتان بریتیین لە نووسینگە ناوچەییەکانی پەنابەریێتی هەروەها تیمەکانی نووسینگە ناوچەییەکانی پەناپەریێتی.

> ئاگاداری
> ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا دەزگای پەنابەریێتی بەرپرس نیە لە وەرگرتنی داواکاریەکەتان: ا – ئەگەر زووتر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیتان پێشکەش کردبێت لەلای پۆلیسەوە، یان هێشتا تەواونەبووە. ب- ئەگەر کارتی تایبەتی داواکەری پەنابەریێتی هۆبەی بێگانەکانتان هەبێت (کارتی سور).
> هەروەها، ئاگادارتان دەکەینەوە لەهەموو حاڵەتێکدا پەنجەمۆرتان لێ وەردەگیرێت بۆئەوەی دەزگای پەنابەریێتی بزانێت ئایا زووتر داوانامەی پاراستنی نێودەوڵەتیتان پێشکەش کردووە، ئەوا ئەوکات دەست بەجێ ئەوەشی بۆ ڕوون دەبێتەوە ئایا داواکاری پەیوەندیدارتان تەواوبووە.

- ئەگەر زیندانین یاخود هێشتا لە ناوبنکەکانی پێشوازی و ناسنامەیین (ب.پ.ن)، دەزگا لێپرسراوەکانی بەندیخانە یان ناوەندی پێشوازی دەبێت دەزگای پەنابەریێتی ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بە بوونی ئارەزووتان بۆ پێشکەشکردنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی.
- دەبێت خودی خۆتان داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیی پێشکەش بکەن ، بە شێوەی زارەکی یان بە نووسین. دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ ئەندامانی خێزانەکەشتان لە کاتێکدا کە ئەوانیش لەگەڵتاندان لە یۆنان و ئارەزوویان لەسەرە. دەبێت ئەوانیش لەگەڵتان بێن بۆ دەزگای پەنابەریێتی.
- کاتێك کەوا داواکاریەکەتان پێشکەش دەکەن، ئەگەر نەتوانن لەیەکتر حاڵی بین لەگەڵ کارمەندی دەزگای پەنابەریێتی، ئەوە بزانن کە وەرگێڕی زارەکی (مترجم)لێ دەبێت کەوا یارمەتیتان دەدات.
- کاتێك داواکاریەکەتان پێشکەش دەکەن دەبێت بە ڕاستگۆییەکی تەواو وەڵامی پرسیارەکانی کارمەندەکە بدەنەوە . زانیاری نادروست یان ڕاستی نەگوتن کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر هەڵسەنگاندنی داواکاریەکەتان.
- ئەگەر (منداڵی بێ هاوەڵ)ن تەمەنتان لە خوار هەژدەساڵیەوەیە، و کەسێکی سەرووی هەژدەساڵی خێزانەکەی خۆتان (خزم) لەگەڵ نەبێت کەوا بەرپرس بێت لە چاودێری کردنتان، ئەوا بە گوێرەی یاسا وپراکتیکی یۆنانی، دەزگاکان دەبێت دەست بەجێ بریکاری گشتی بەرپرس ئاگاداربکەنەوە. بریکاری گشتی نوێنەرێکتان بۆ دیاردەکات (سەرپەرشت) کەوا بەرپرسی ئێوە دەبێت و داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانتان دەکات. ئەگەر تەمەنتان لە خوار پازدە ساڵیەوە بێت ئەوا ئەو نوێنەرەی کە بۆتان دیاریکراوە دەبێت داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیەکەتان بۆ پێشکەش بکات. ئەگەر تەمەنتان لە سەرووی پازدە ساڵیەوە بێت ئەوا خودی خۆتان دەتوانن داواکاریەکەتان

[1] ١- ئەو وولاتانەی کە یاسای << دبلن ٣ >> جێ بەجێ دەکەن : نەمسا، بەلجیك، بولگاریا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، دانیمارك، سویسرا، ئێستۆنیا، شازادە یەکگرتووەکانی بەریتانیا، ئێرلەندا، ئیسلاندا، ئیسپانیا، ئیتاڵیا، قوبرس، لێتۆنیا، لیثوانیا، لیختین شتاین، لوکسەمبوورگ، ماڵتا، نەرویج، هۆڵەندا، مەجەر، پۆڵۆنیا، پرتوگال، رۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤێنیا، سوید، چیک، فینلەندا .

پێشکەش بکەن. دەزگا دەسەڵاتدارەکان هەوڵدەدەن بۆ دابینکردنی چاودێری ئاسایشتان و مێوانداری کردنتان (مانەوەتان) لە دەورووبەرێکی (شوێن) شیاو بۆ خوار هەژدەساڵەکان.

- کاتێك داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکەن، وێنەتان دەگیرێت و پەنجەمۆرتان لێ وەردەگیرێت، هەروەها بۆئەندامانی خێزانەکەشتان بە هەمان شێوە ئەوانەی کە تەمەنیان لە سەرووی چواردە ساڵیەوەیە. پەنجەمۆرتان دەچێتە بنکەی ئەوروپای ناوەندیی **یوڕۆداك** لەحاڵەتێك ئەگەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیتان لە وولاتێکی تری ئەوروپی پێشکەش کردبێت کە یاسای << دبلن۳>> جێ بەجێ دەکات، دەتانگەڕێننەوە بۆ ئەوێ تاکو داواکاریەکەتان لەوێ تاقی بکرێتەوە.

- بەڵگەی گەشت کردنتان (پاسەپۆڕت) یان هەرشتێکی ترتان کە پەیوەندی بە تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان هەبێت دەبێت بیاندەن بەدەستەوە بۆ ئیسپات کردنی ناسنامەکەی ئێوە و ئەندامانی خێزانەکەتان، وە ئەو وولاتەی کە لێیەوە دێن وە ئەو شوێنەی کە خەڵکی ئەوێن. وەهەروەها بارودۆخی خیزانیشتان.

- لەوانەیە لەشتان بپشکنن، یانیش ئەو کەل و پەلانەی پێتانە بیان گەڕێن. لەوانەیە تاقیکردنەوەی پزیشکیشتان بکەن.

- دەزگای پەنابەرییێتی بەرواری چاوپێکەوتن دیاریدەکات و کارتی داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتیتان بەدەست دەدات کەوا لەوانەیە ماوەکەی هەتاوەکو شەش مانگ بێت. ئەم کارتەتان دەبێت بەردەوام پێ بێت.

- کاتێك داواکاریەکەتان پێشکەش دەکەن دەستەڵاتە بەرپرسەکان ئەرکی سەرشانیانە ئاگادارتان بکەنەوە بەو زمانەی کە لێی تێدەگەن سەبارەت بە کردار، مافەکان، وە ئەرکەکانیشتان وەك داواکەرێکی پاراستنی نێودەوڵەتی، وەهەروەها سەبارەت بەو مۆڵەتانەش کەوا بەکاردەهێندرێن لەماوەی کردارەکە.

- ئەگەر ئێوە قوربانی ئەشکەنجەخانەکانن، ناموس بەزاندن یان کردەوەی جددی توندوتیژی ترن، دەبێت دەستەڵاتەکان ئاگادار بکەنەوە بۆئەوەی یارمەتیتان بدەن.

- . دەتوانیت داوای پەیوەندی کردن بکەی بە کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ پەنابەران یان ئەو ڕێکخراوەی کەوا یارمەتی یاسایی، پزیشکی و دەروونناسی پێشکەش دەکات.

- دەتوانن داوای یارمەتی پارێزەر یان ڕاوێژارێکی تر بکەن لەماوەی کردارەکەدا لەسەر ویستی خۆتان (بەبێ ناوبژیوانی کردنی دەزگای پەنابەرییێتی). پاداشت و مەسرەفی پارێزەر یان ڕاوێژکارێکی ترباری تۆ گران دەکات.

- مادام دەتانەوێت، لەوانەیە کاتێکی کورتتان بدرێتێ بۆ ئەوەی خۆتان ئامادە بکەن بە شێوەێکی گونجاو بۆ چاوپێکەوتن و ئامۆژگاری لە پارێزەر یان ڕاوێژکارەکەی تر وەربگرن بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدات لەماوەی کردارەکەدا.

- لە هەر حاڵەتێکدا دەتوانن داوا بکەن لە کارمەندەکە کە چاوپێکەوتن وەرگێڕانەکەشی لە لایەن ئەو ڕەگەزەوە بکرێت کە ئارەزووتان لەسەرە، ئەگەر هۆکاری جددی هەبن، داوا پەیوەندیدارەکەتان لەلایەن دەزگاوە هەڵدەسەنگێندرێت و داواکەتان جێ بەجێ دەکرێت ئەگەر ئەو توانایە هەبێ.

- ئەگەرئێوە (منداڵی بێ هاوەڵ)ن واتە خوارووی هەژدەساڵن کەسێکی لەخۆتان گەورەتری خێزانەکەتان لەگەڵ نیە، دەبێت لەلایەن نوێنەرەکەتەوە(سەرپەرشت) ئاگاداربکرێنەوە سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکە. نوێنەرەکەتان بانگ(داوەت) دەکرێت وە لەوانەشە لە چاوپێکەوتنەکەدا لەگەڵتان بێت. دەسەڵاتەکان دەتوانن تاقیکردنەوەی پزیشکیتان بکەن بۆ ئەوەی تەمەنی ڕاستیتانیان بۆ دەربکەوێت. بۆ ئەم کرداره دەبێت ئێوە و نوێنەرەکەتان ئاگادار بکرێنەوە و دەبێت ئێوە و ئەویش ڕازی بن.

**دەست کێشانەوە و لێوەرگرتنەوەی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی**

- دەتوانن هەرکاتێک ئارەزووتان لێ بێت دەست لە داواکاریەکەتان بکێشینەوە. دەبێت خودی خۆتان بچن بۆ نووسینگەی ناوچەیی پەنابەرێتی و دەست بکێشنەوە بە شێوەێکی نوسراو. ئەگەر دەست بکێشنەوە ئەوا دەزگاکە داواکاریەکەتان تاقی ناکاتەوە وە دەبێت وولاتەکە بەجێبهێڵن مادام هیچ جۆرە بەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی ترتان نیە کەوا بتوانن بە شێوەێکی یاسایی بمێننەوە.

- دەزگای پەنابەرییێتی دەتوانی وا دابنێت کەوا پێویستیتان بە بەردەوام بوونی تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان نەماوە (لێوەرگرتنەوەی بێ دەنگی داواکاری) و تاقیکردنەوەکە بپچڕێنێت لەم حاڵەتانە :

**آ)** ڕەتکردنەوەی پێدانی ئەو زانیاریانەی کەوا گرنگی گەورەیان هەیە بۆ داواکاریەکەتان و لەلایەن دەستەڵاتەکانەوە داواتان لێکراوە، یان

**ب)** ئەگەر نەچن بۆ چاوپێکەوتنەکە، یان

**ت)** ئەگەر ڕابکەن (بڕۆیت بەبێ مۆڵەت) لەو شوێنەی کە گیراون، یان

**پ)** ئەگەر ڕەچاوی ئەم ئەرکانە نەکەن کە لەلایەن پۆلیسەوە بۆتان دانراوە لەجیاتی ئەوەی بەندتان بکەن، یان

**ج)** ئەگەر لەو شوێنەی کە لەلای دەستەڵاتەکانەوە بۆتان دیاریکراوە بڕۆن بێ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە، یان
**ح)** ئەگەر لە وولاتەکە بڕۆن بێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکەن لە دەزگای پەنابەرییێتی، یان
**خ)** ئەگەر دەست بەجێ دەزگای پەنابەرییێتی ئاگادار نەکەنەوە لە گۆڕینی ناونیشانتان(ئەدرێس) و ئامرازەکانی پەیوەندی پێوەکردنتان، یان
**د)** ئەگەر پەیوەندی بە دەزگای پەنابەرییێتی یەوە نەکەن لەکاتێك داواتان لێدەکرێت.، یان
**ر)** ئەگەر نەچن بۆ تازەکردنەوەی کارتەکەتان تاوەکو یەك ڕۆژی کار لە دوای بەرواری بەسەرچوونی کارتەکەوە.
لەحاڵەتێك ئەگەر دەزگای پەنابەرییێتی تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان بپچڕینێت ، مافی داواکردنی بەردەوام بوونەوەی تاقیکردنەوەی داواکەتان هەیە. دەبێت بچن بۆ دەزگای پەنابەرییێتی و ئەو هۆکارانەیان بۆ ڕوون بکەنەوە، کە دەزگاکە نەدەبووایە وادابنێت کەوا پێویستیتان بە داواکاریەکەتان نەماوە، سەبارەت بەم بابەتە دەزگاکە بڕیار دەدات. ئەگەر دەزگا داواکاریەکەتان ڕەت بکاتەوە مافی ئەنجامدانی تێهەڵچوونەوەتان هەیە.

**کرداری تاقیکردنەوەی داواکاریەکانی پاراستنی نێودەوڵەتی**

- لەو ڕۆژەی کەوا دەزگا بۆتان دیاریدەکات، چاوپێکەوتن دەکەن لەگەڵ کارمەندێکی دەزگای پەنابەرییێتی. دەبێت وەڵامی پرسیارەکانی بە ڕاستگۆیێکی تەواو بدەنەوە، وە تەنها ڕووداوە ڕاستەقینەکان پێشکەش بکەن وە هیچ بەڵگەیەکیش نەشارنەوە کە پەیوەستە بە داواکاریەکەتانەوە. ئەگەر ڕووداوی ناڕاست و نادروست بڵێن ئەوا بە شێوەیکی نەرێیانە(خراپ) کاریگەری دەبێت لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر داواکاریەکـەتان.
- کارمەندی دەزگای پەنابەرییێتی لەماوەی چاوپێکەوتنەکەدا بەتایبەتی پرسیاری ئەو زانیاریانەتان لێدەکات کە ناوتان بردوون لە داوانامەکەتاندا، زانیاری دەربارەی ناسنامەتان، چۆن هاتوون بۆ یـۆنـان، سـەبارەت بەو هۆکارانەش کە ڕۆیشتوون لە وولاتەکەتاندا یان ئەو وولاتەی کە لێیدا دەژیان، ئایا کەسێکن کە ڕەگەزنامەی هیچ وولاتێکتان نییە، هەروەها سـەبارەت بەو هۆکارانەش کە ناتوانن یان ئارەزووناکەن بگەڕێنەوە بۆ وولاتەکەتان. لەماوەی چاپێکەوتنەکەدا دەتوانن بابەت وە هەر زانیارییێکیش(بەڵگە) کە بە پێویستی بزانن زیاد بکەن.
- ئەگەر بە هۆی زمانەوە نەتوانن لەگەڵ کارمەندی دەزگای پەنبارییێتی لەیەکتر حاڵی ببن لە چاوپێکەوتنەکەدا ئەوا وەرگێڕ ئامادە دەبێت.
- دەتوانن لەگەڵ پارێزەر یان ڕاوێژکارێکی تر(یاسایی، پزیشکی، دەروونناسی یان توێژەری کۆمەڵایەتی) بچن بۆ چاوپێکەوتنەکە.
- ئەو شتانە کە دەیانڵێن لە چاوپێکەوتنەکەدا نهێنین(ئەمانەت) دەبن.
- دەنگی چاوپێکەوتنە کە تۆمار دەکرێت...ئەگەر چاوپێکەوتنەکە دەنگی تۆمارنەکرێت، کارمەندی دەزگای پەنابەرییێتی دارشتنێك(پڕاکتیزە) دەنوسێت کەوا هەمووپرسیار و وەڵامەکانی چاوپێکەوتنەکە دەگرێتە خۆ. لەم حاڵەتەدا دەبێت بابەتی پڕاکتیزەکە سەیر بکەنەوە بکەنەوە بە یارمەتی وەرگێڕەکەوە بۆ بێگومان بوون لە ناوەرۆکەکەی یانیش داوای ڕاستکردنەوە بکەن و ئەنجا ئیمزای بکەن. هەرکاتێك بتانەوێت دەتوانن بەرگێکی(نوسخە) پڕاکتیزەکە یان داڕشتنەکە یان دەنگی تۆمارکراوی چاوپێکەوتنەکە وەربگرن.
- دوای چاوپێکەوتنەکە دەزگای پەنابەرییێتی بڕیار دەدات ئایا مافی پەنابەرییێتی (ئیقامەی سیاسی) یان مافداری پاراستنی لاوەکی وەردەگرن، یانیش داواکاریەکەتان ڕەتدەکرێتەوە (ڕەفز).
- کاتێك بڕیار بۆ داواکاریەکەتان دەردەچێت دەزگای پەنابەرییێتی ئاگادارتان دەکاتەوە بۆ ئەوەی بچن وەریبگرن. بە پێی ئەو ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەی کە داوتانە ئاگادار دەکرێنەوە ئینجا بە تەلەفۆن بێت یان بە نامە، بەرقیە، فاکس یان ئی مەیل.
- دەزگای پەنابەرییێتی دەبێت بڕیارەکەتان بداتە دەستتانەوە بە یارمەتی وەرگێڕێکی ئەو زمانەی کە تێیدەگەن.

**ئەرکەکانی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی**

وەك داواکەرێـکی پاراستنی نێـودەوڵەتی لە یۆنـان :
- پێویستە لە یۆنان دا بمێننەوە تاکو تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان تەواو دەبێت.
- هاوکاری دەستەڵاتەکانی یۆنانی بکەن بۆ هەر بابەتێك کە پابەندە بە داواکاریەکەتان و بۆ ئیسپات کردنی زانیاریەکانی ناسنامەتان.
- دەبێت خودی خۆتان بچن بۆ دەزگای پەنابەرییێتی بۆ تازەکردنەوەی کارتەکەتان پێش بەسەرچوونی، یان درەنگتر نەبێت زیاد بکەن تاکویەك ڕۆژی کارکردن دوای بەرواری بەسەرچوونی کارتەکەتان.

- دەست بەجێ دەزگای پەنابەرییێتی ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بە ناونیشانی شوێنی دانیشتنتان و ئامرازەکانی پەیوەندی پێوەکردنتان (ژمارەی تەلەفۆن)، و ئاگاداریان بکەنەوە لە هەر گۆڕانکارییێکیشیان. دەزگای پەنابەرییێتی ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیان بە داواکاریەکەتان هەیە بۆ ئەو ناونیشانە ڕەوان دەکات کە پێتان داون.
- ڕەچاوی ئەومۆڵەتی کاتانە بکە کە بۆتان دادەندرێن لە قۆناغە جیاجیاکانی کرداری تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان.
- باری ڕاستەقینەی ئابوریتان ئاشکرا بکەن لە حاڵەتێك کەوا ئەگەر یارمەتی لە حکومەت وەربگرن.
- پابەندبن بەو ئەرکانەی پێتان دەسپێرێت لە کاتێکدا کە لە ناوەندی مێوانداریێتی (کەمپ) شوێنتان پێدەدەن.

**مافەکانی داواکەرانی پەنابەرییێتی**

وەك داواکەرێکی پاراستنی نێودەوڵەتی لە یۆنان :
- دوورخستنەوەتان لە وولآت (سنورداش کردنەوە) قەدەغەیە تاکو تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان تەواو دەبێت.
- دەتوانن ئازادانە لە سەرتاسەری وولآتدا هاتووچۆ بکەن، مەگەر لەو کارتەی وەرتانگرتووە ناوچەیەکی دیاریکراوی وولآت دیاریکراوە کەوا ناتوانن هاتووچۆی تێدا بکەن.
- ئەگەر شوێنی مانەوەتان نەبێت دەتوانن لە بنکەی مێوانداریێتی بمێننەوە یان لە شوێنێکی تر.
- مافی ئیش کردنتان هەیە، بەو پێش مەرجانەی کە یاسای یۆنانی دیاریکردووە.
- هەمان ماف و ئەرکەکانی زەماری کۆمەڵایەتی کردنتان هەیە، وەکو کارمەندێك وەکو هاووڵاتیەکی یۆنانی.
- چاودێری تەندروستی و چارەسەرکردن لە نەخۆشخانە بەخۆڕاییە، ئەگەرزەمانی کۆمەڵایەتیتان نەبێت.
- منداڵەکانتان – وە ئێوەش ئەگەر تەمەنتان لە خوار هەژدەساڵیەوە بێت-مافی چوونە بەر خوێندنتان هەیە (پەروەردەی گشتی) بەخۆڕایی.
- مافی فێربوونی پیشەتان(ڕاهێنانی پیشەیی) هەیە.
- ئەگەر کەسی کەمئەندام بن بە ڕێژەی ٦٧% و بەرەو ژوور، ئەوا مافی وەرگرتنی دەرماڵەی کەمئەندامیتان هەیە، لەکاتێك کە نەتوانن لە ناوەندی مێوانداریێتی(کەمپ) بمێننەوە.
- وەکو داواکەرێکی پەناپەرییێتی ناتوانن گەشتی دەرەوەی یۆنان بکەن.
- وەکو داواکەرێکی پەناپەرییێتی ناتوانن خێزانەکەتان بهێنن بۆ یۆنان لە وولآتەکەتانەوە.

**مافەکانی تێهەڵچوونەوە و تاقیکردنەوە لە قۆناغی دووەم دا**

- ئەگەر داواکاریەکەتان ڕەتبکرێتەوە یان ناساندنی پاراستنی لاوەکیتان پێ ببەخشرێت و وا دابنێن کەوا حەقی وەرگرتنی پەنابەریتان هەیە، مافی تێهەڵچوونەوە کردنتان هەیە. لەبەردەم دەستەڵاتی تێهەڵچوونەوەکاندا. دەبێت تێهەڵچوونەوەکەتان لە یەکێك لە نوسینگە ناوچەیی یەکانی پەنابەرییێتی یان تیمی نووسینگە ناوچەیی یەکانی پەنابەرییێتی کەوا بڕیارەکەی پێ داوون پێشکەش بکەن لەماوەی ئەو مۆڵەتەی کە لەو بڕیارەی بەدەستتان دەگات نووسراوە.
- ئەو مۆڵەتە(مەوعید) ڕۆژێك دوای بەرواری بەدەست گەیشتنی بڕیارەکە دەست پێ دەکات. ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێك بڕیارەکەتان بەدەست نەگەیشت بێت ، ئەوا ماوەی مۆڵەتەکەتان ٦٠ ڕۆژە بۆ ئەوەی داوای تێهەڵچوونەوە بکەن لە بەرواری بەسەرچوونی کارتەکەتانەوە یان لە بەرواری دەرچوونی بڕیارەکەوە، بە گوێرەی حاڵەتەکە.
- تێهەڵچوونەوەکەتان تاقیدەکرێتەوە لەلایەن لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان، لێژنەی تێهەڵچوونەوە عادەتەن تێهەڵچوونەوەکان بە پێی زانیاریەکانی فایلەکە(دۆسیە)هەڵدەسەنگێنێتەوە ، بانگتان ناکات بۆ چاوپێکەوتن. بەڵام ئاگادار دەکرێنەوە بۆ بەرواری تاقیکردنەوەی تێهەڵچوونەوەکەتان، وەهەروەها سەبارەت بەوەی کەوا کەی دەتوانن زانیاریە زیادەکان پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان ئاگادار بێت.
- دەتوانن لە حاڵەتێکدا کە هێشتا تاقیکردنەوەی تێهەڵچوونەوەکەتان تەواو نەبوو بێت وازی لێ بهێنن. دەبێت خودی خۆتان بچن بۆ نووسینگەی ناوچەیی پەنابەرییێتی کە داوای تێهەڵچوونەوەتان کرد وە بە نووسین وازبهێنن. ئەگەر وازبهێنن ئەوا تێهەڵچوونەوەکەتان تاقی ناکرێتەوە و دەبێت وولآتەکە بەجێبهێڵن مادام هیچ جۆرەبەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی ترتان نیە.
- لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان دەتوانێت وا دابنێت کەوا پێویستیتان بە بەردەوام بوونی تاقیکردنەوەی تێهەڵچوونەوەکەتان نەماوە (لێوەرگرتنەوەیی بێ دەنگ)بکات وتاقیکردنەوەکە بپچڕێنێت :

**ا)** ڕەتکردنەوەی پێدانی ئەو زانیاریانەی کەوا گرنگی گەورەیان هەیە بۆ داواکاریەکەتان و لەلایەن دەستەڵاتەکانەوە داوات لێکراوە، یان

**ب)** ئەگەر ڕابکەن لەو شوێنەی کە لێی بەندکراون، یان

**ت)** ئەگەر ڕەچاوی ئەم ئەرکانە نەکەن کە لەلایەن پۆلیسەوە بۆتان دانراوە لەجیاتی ئەوەی بەندتان بکەن، یان
**پ)** ئەگەر لەو شوێنەی کە لەلای دەستەڵاتەکانەوە بۆتان دیاریکراوە بڕۆن بێ ئەوەی ئاگاداریان بکەنەوە، یان
**ج)** ئەگەر لە وولاتەکە بڕۆیت بێ ئەوەی داوای مۆڵەت بکەیت لە دەزگای پەنابەرییێتی، یان
**ح)** ئەگەر دەست بەجێ دەزگای پەنابەرییێتی ئاگادار نەکەنەوە لە گۆڕینی ناونیشانتان(ئەدرێس) وئامرازەکانی پەیوەندی پێوەکردنتان (ژمارەی تەلەفۆن)، یان
**خ)** ئەگەر پەیوەندی بە دەزگای تێهەڵچوونەوەکان نەکەن لەکاتێك داواتان لێدەکرێت.، یان
**د)** ئەگەر نەچن بۆ تازەکردنەوەی کارتەکەتان تاوەکو یەك ڕۆژی کارکردن لە دوای بەرواری بەسەرچوونی کارتەکەوە.
- لە حاڵەتێکدا ئەگەر لێژنەی تێهەڵچوونەکان بڕیاری بانگ کردنتان بدات بۆ چاوپێکەوتن ئەوا ئاگادار دەکرێنەوە بەلایەنی کەم ٥ ڕۆژ پێش ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە. مافی ئەوەتان هەیە بچن بۆ لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان لەگەڵ پارێزەرەکەتان یان هەر ڕاوێژکارێکی ترتان. وە ئەگەر نەشچن بۆ لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان، تێهەڵچوونەوەکەتان تاقیدەکرێتەوە بە شێوەیکی ئاسایی.
- لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان بڕیار دەدات ئایا ناساندنی پەنابەری وەردەگرن یان پاراستنی لاوەکی یانیش تێهەڵچوونەوەکەتان ڕەتدەکاتەوە.
- بۆ بەدەست پێدانی بڕیاری لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان هەمان کرداری بڕیاری بەدەست پێدانی دەزگای پەنابەرییێتی بەکاردەهێندرێت .
- ئەگەر داواکاریەکەتان ڕەتبکرێتەوە، یان ڕژێمی پاراستنی لاوەکیتان پێ ببەخشرێت وە وابزانین کەوا شایستەی مافی پەنابەریتان هەیە، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن بۆ بەتاڵکردنەوەی بڕیارەکە لە دادگای بەرپرس. داواکاردنی بەتاڵکردنەوەی بڕیارەکە خاسیەتی وەستاندنی سەربەخۆی نابێت تواناى وەستاندنی دەستبەجێی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی نییە، واتە لەوانیە سنورداش بکرێنەوە.

**دەستبەسەرکردن (بەندکردن)ی داواکەرانی پاراستنی نێودەوڵەتی**

دەبێت ئەوانە بزانن:
- داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتی بەند ناکرێت تەنها بە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیکی نایاسایی (قاچاغ) هاتووەتە ناو وولات و لێی نیشتەجێ بووە.
- ئەگەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتیتان پێشکەش بکەن و لە کاتێکدا بەندکراو بن لە سزای ئەنجامدانی تاوانێکەوە ئەوا لە بەندکردندا دەمێننەوە.
- ئەگەر داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکەن و لەهەمان کاتدا بەندکرابێتن لەبەر ئەوەی بە نایاسایی هاتوونەتە ناو وولات یانیش هێشتا کێشەی دوورکردنەوەتان (سنورداش) یەکلا نەکراوەتەوە، لەوانەیە، لەبەرئەوەی پۆلیس بۆ ئەو حاڵەتەی ئێوە نەتوانێت پێوانی تر جێبەجێبکات، وای پێ باش بێت بە بەندکراوی بمێننەوە:
**آ)** بۆبێگومان بوون لە ڕاستی زانیاریەکانی ناسنامەتان یان نەتەوایەتیتان، یان
ب)بەمەبەستی دیاریکردنی ئەو بەڵگانەی کە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لەسەر بینادەکرێت، بەدەست هێنانیان لە حاڵەتێکی تر مەحاڵ دەبوو، بەتایبەتی کاتێك ترسی ڕاکردنی هەبێت.
ج) ئەگەر بسەلمێنرێت کەوا هۆکاری ڕەگدار هەن کەوا ئەو کەسە تەنها لەبەر دواخستن یان ڕێگەگرتن لە بڕیاری سنووورداشکردنەکەوە داواکاری پەنابەری پێشکەش دەکات.
**د)** ئەگەر بە مەترسی دابنرێن لەسەر ئاسیشی نەتەوەیی یان لەسەر ئارامی کۆمەڵگا.
**ر)** کاتێك ترسی جددی ڕاکردن هەبێت، لە دژی واتای یاسای (ی.ئە)ژ.٢٠١٣/٦٠٤، و بەمەبەستی دابین کردنی جێ بەجێ کردنی کرداری گواستنەوە بە پێی ئەو یاسایەی سەرەوە.
- پۆلیسی یۆنانی دەتوانێت بەندتان بکات ئەگەر لە بێتوو بەندکراویش نەبن، لە حاڵەتە شازەکانی کە نەتوانێت پێوانی ترجێ بەجێ بکات بێجگە لە بەندکردنتان،لەبەر هۆکاری ئاسایشی نەتەوەیی یان بۆ پاراستنی ئارامی کۆمەڵگا .
- بەندکردنتان(گرتن) لەوانەیە لە ٤٥ ڕۆژ تاکو ١٨ مانگ بخایەنێت بە گوێرەی هۆی بەندکردنتان.
- بەڕێوەبەری پۆلیس بڕیار دەدات بۆ بەند کردنت وە لە بڕیارەکەیدا دەبێت بە شێوەیکی تێروتەسەل بڕیاری بەند کردنتان ڕوون بکاتەوە.
- مافی ئەوەتان هەیە لە بەرامبەر بڕیاری بەندکردنتان نارەزایی پێشکەش بکەن لەبەردەم سەرۆك یان دادگای یەکەمی بەرپرس لە دادگای بەڕێوەبردنی یەکەم لەو ناوچەیەی کە لێی بەندکراون.

- ئەگەر بەندکراو بن یاخود هێشتا لە ناوەندەکانی دەزگای پێشوازی وناسنامەی بن ئەوا کارتی داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتیتان پێ دەدرێت لەو ڕۆژەی کە سەربەستتان دەکەن، مادام هێشتا کاری تاقیکردنەوەی داواکاریەتان تەواو نەبووە، وە دەبێت بەهەر شێوەێك بێت لە ماوەی ١٠ ڕۆژ بچن بۆ نووسینگەی هەرێمی پەنابەرییێتی بۆ ئەوەی زانیاری پەیوەندی پێوەکردنتان (ژمارەی تەلەفۆن) یان پێ بدەن، وەهەروەها کارتتان پێ بدەن لە حاڵەتێك ئەگەر پێتان نەدرابێت.

**زانیاریە بنەماییە تازەکان بۆ پێشکەش کردنی داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی**

- **ئەگەر زانیاری گرنگی تازە بێنە کایەوە** جا ئەگەر دوای ڕەت بوونەوەی تێهەڵچوونەوەکەتان لەلایەن لێژنەی تێهەڵچوونەوەکان، یان دوای ڕەت بوونەوەی داواکاریەکەتان لەلایەن دەزگای پەنابەرییێتی وەهەروەها لە دوای تێپەڕبوونی دوا مۆڵەتێش کە دەتانتوانی تێهەڵچوونەوە پێشکەش بکەن بەسەر چووبێت، دەتوانن داواکاریەکی تازە پێشکەش بکەن (پاشداوا).
- دەبێت پاشداواکەتان لە یەکێك لە نووسینگە ناوچەیی یەکان پەنابەرییێتی یان لە تیمەکانی نووسینگە ناوچەیی یەکانی پەنابەرییێتی پێشکەش بکەن. دەبێت ئەو بڕیارەشتان پێ بێت کەوا داواکاریە سەرەتاییەکەتانی ڕەتکردووەتەوە ودەبێت بە نووسراو بەڵگە گرنگ ونوێیەکانی کە هاتوونەتە کایەوە پێشکەش بکەن. بە پێشکەشکردنی دواداواکاریتان کارتی داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتیتان پێ نادرێت.
- دەزگای پەنابەرییێتی بەڵگە نوێیەکانی کە پێشکەشیان دەکەن تاقی دەکاتەوە و بڕیار دەدات ئایا گرنگن بۆ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی.
- ئەگەر دەزگاکە دواداواکاریەکەتان ڕەت بکاتەوە دەتوانن تێهەڵچوونەوە بکەن لەبەردەم لێژنەی تێهەڵچوونەوەکاندا لەماوەی مۆڵەتی(مەوعید)١٥ ڕۆژی دا. ئەم مەوعیدە ڕۆژێك لە دوای ڕۆژی وەرگرتنی بڕیارەکە دەست پێدەکات.
- تەنها ئەگەر دواداواکاریەکەتان قەبوڵ بکرێت کارتی داواکەری پاراستنی نێودەوڵەتیتان پێدەدرێت و تاقیکردنەوەی داواکاریەکەتان بەردەوام دەبێت لە دەزگای پەنابەرییێتی.

دەمانەوێت ئاگادارتان بکەینەوە کەوا هێنانە ژوورەوەی ئەم شتانە بۆ ناو شوێنەکانی دەزگای پەنابەرییێتی یەوە قەدەغەیە:
چەك، شتی تیژ (چەقۆ و جۆرەکانی) ، یان هەر شتێکی تر کەوا توانای بەکارهێنانی هەبێت بۆ ئەوەی ببێتە هۆی بریندارکردن، مادده تەقێنەرەوە و گڕگرتووەکان، مادده کیمیاوی و ژەهراویەکان.
هەروەها چوونە ژوورەوە بۆ ئەو کەسانەش قەدەغەدەکرێت کەوا جانتای گەورە یان بچوکیان پێبێت، تەنها بۆ دۆسیە هەڵگر و جانتای دەست نەبێت.
بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل سنووردار دەکرێت تەنها لە شوێنە دەرەکیەکانی دەزگای پەنابەرییێتی نەبێت، لەهەمان کاتدا وێنەگرتن و بە ڤیدیۆ کێشان لە ناوەوە و دەرەوەی شوێنەکانی دەزگای پەنابەرییێتی قەدەغەیە.